# کۆیلەفرۆشیی لەناو دڵی ئوروپادا

**تێبینی: ئەم ڕاپۆرتە مەیدانییە، کە لەلایەن دوو ڕۆژنامەوانەوە ئامادەکراوە، باس لە دیاردەی کڕین و فرۆشی کچان و ژنان لەسەر شەقامەکانی "بوخارست"ی پێتەختی "ڕۆمانیی" دەکا و لەوە دەدوێ کە چۆن ئەو کیژانە، لەپێناو چەند سەد دۆلارێکدا، لێیاندەدرێ، ئەتک دەکرێن، ئازاردەدرێن و وەک هەر کاڵایەکی دیکە کڕین و فرۆشیان پێدەکرێ.**

"دایانا"، کە لە بەشی دواوەی ئۆتۆمبیلەکەمان دانیشتبوو، بە هێواشیی پرسی: " خاترجەم بم نامبەنەوە بۆ لای ئەوان؟! من دەترسم." ئەو مرۆڤە کە ترس و لەرز هەموو لەشی داگرتبوو و لەبەر سەرمای بوخارست پەتوویەکی لەخۆیەوە پێچابوو، تا ماوەیەک لەوەپێش یەکێک لە ئەندامانی ئەو پۆلە کچانە بوو کە لە بازاڕی کڕین و فرۆشی مرۆڤ لە ڕۆمانیی نیشاندەدران.

ئەو کچە، کە لە ترسان بە پچڕپچڕیی قسەی دەکردن، دەڵێ: "ئەوانە لێمدەدەن. ئەو کابرایە بە چەقوو بریندار کردم. جێی برینەکەمت نیشاندەم؟! برسیمە. تۆ منت خۆشدەوێ؟! دەتهەوێ پێکەوەبین؟! من دەتوانم دواتر لە تۆ منداڵم ببێ؟!". "من ژنێکی باش دەبم بۆت. پێتخۆشە زەماوەند بکەین؟! دەزانی چی؟! ئەوانە منیان برسیی کرد. من دەبێ شتێک بخۆم. بەڵێنم بدەیە کە ئیدی برسیی نابمەوە. من دەمەوێ سیگار بکێشم. لەبیرت نەچێ، شکولاتم بۆ بکڕی؟!".

بە وتەی ڕۆژنامەی **"ئۆنیمینتۆڵ زیلی"**ی ئەمریکایی، نرخی "دایانا" ٤٠٠ دۆلاری ئەمریکاییە. وەک بەشێک لە پڕۆژەی هاوبەشی نێوان "ئەنیستیتۆی ڕاپۆرتەکانی شەڕ و ئاشتیی" و " ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەوانیی ڕۆمانیی" هەر ئێستا "دایان"مان لە یەکێک لە قاچاخچییەکان کڕی. چەند ڕۆژ لەوەپێش "دایانا" جێژنی سەریساڵی تازەی بە کۆت و زنجیرکراویی لە کەش و هەوایەکی زۆر سارد و لە قەفەزێکی سەگدا تێپەڕکردبوو.

"دایانا" پاشناو (شۆرەت)ی خۆی نازانێ و خوێندەوارییشی نییە. ئەو لە ڕووی هزر و دەروونەوە لە ئاستی منداڵێکی دەساڵانە دایە، تەنانەت کەمێک لەوەپێش داوای کەلوپەلی یاریی منداڵانی لێدەکردین. ئەو ئێستا لە خانوێکی ئارامی تایبەت بە ژنان لە ڕۆمانیی بەسەردەبا، بەڵام ناوبراو چەند هەفتە لەوەپێش کۆیلەیەک بوو. لەوکاتەیدا ئەو بێدەسەڵاتانە لە تەنیشت پیاوێک ڕاوەستابوو کە خەریکی فرۆشتنی بوو، ئێمە وێنەمان دەگرت. "دایانا" لە پیاوەکەی دەپرسی کە ئەرێ ئەو کەسەی دەیکڕێ، لێی نادا؟ کابراش وەڵامی دەداوە کە ئەو کەسەی دەیکڕێ، خواردن و جلوبەرگی گەرمی دەداتێ. چەند خولەک دواتر ٤٠٠ دۆلاریان دا و "دایانا"یان کڕی.

ئێرە "بۆخارست"ی پێتەختی "ڕۆمانیی"ە، بەڵام ئەم شتە دەکرێ لە هەر جێگەیەکی تری پاشماوەی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو ڕوویدا، بۆ نموونە لە مالدۆڤیی، ئۆکراین، ڕووسیای سپی و ..... لەو وڵاتانە، پاش ئازادبوون لە کۆت و بەندەکانی کۆمونیزم، پوڵ بووە دەسەڵاتدار و بەوەش ئەو کچ و ژنانەی پوڵیان نەبوو کرانە کاڵای کڕین و فرۆش.

ئێمەیان بردە گۆشەیەکی شەقامەکە و کچێکیان نیشانداین. پیاوێکی دیکە ئەو کچەی لە جێیەکی تر شاردبۆوە. دوای نیشاندان، کچە بەرەو حەوشەی ماڵەکە گەڕایەوە. دەستەیەکی نهێنی چوونە نێو خانوویەک. خانووەکە ئی پیاوێک بوو پێیان دەگوت " قوڵەبنە". کچێک هاتەدەر و بە شێوەیەکی زۆر دزێو خۆی نیشاندا.

دەستە نهێنیەکە، دوای وەی قەولی بە "قوڵەبنە" دا کە دواتر بە پوولەوە دەگەڕێتەوە، شوێنەکەی بەجێهێشت.

لە دەرەوە دەرکەوت "دایانا" بۆ فرۆشتن داندراوە. لە پارکێکی نزیک شوێنەکە، پوڵەکە درا بە "قوڵەبنە" و ئەویش بەشی دەڵاڵیی خۆی گلدایەوە. ئێمە ٤٠٠ دۆلارمان دا.

"دایانا" بەرەو خانووی تایبەتی ژنان گوێزرایەوە. بەسەرهاتی ترسناکی ئەو کچە لە چەندین شوێنەواری سووتاوی سەر دەموچاوی کە جێگەی داخکردن بوون، ئاشکرا و ڕوون بوو. ئەو دەیگوت کە هەر لە تەمەنی دە ساڵییەوە و دوای ئەوەی لەلایەن باوکیەوە دەستدرێژیی دەکرێتەسەر و لە ماڵی خۆیان لە شاری "تیمیسوارا" هەڵاتووە، کراوەتە کۆیلە.

لە خانووی تایبەتی ژنان، بە "دایانا"یان گوت کە لێرە بەدواوە ئەو کۆیلەی کەس نییە و خواردن و جێخەویشی پێدەدەن. "دایانا" لەگەڵ هەشت کچی دیکە، کە ئەوانیش پێشتر کرابوونە کۆیلە، لەو خانووەدا دەژیا.

ئەو خانووە تەنیا نموونەیەکە لە ڕۆمانیی. لە کاتێکدا دەگوترێ کە ساڵانە نزیکەی دەهەزار ژن و کچ کڕین و فرۆشیان پێدەکرێ، بەڵام بەسەرهاتی "دایانا" مشتێکە لە خەروارێک. "دایانا" دەڵێ: " من لەژێر زۆر و فشاردا تووشی بەدکاریی بووم. بە زنجیر لێیان دەدام، منیان لە سەرمای زۆردا فڕێدەدا دەرێ و لە هەوای ساردی دەرەوەدا و لە قەفەزێکی گەورەی سەگاندا دەیانبەستمەوە. دوای ئەوەی خواردنیان دەدامێ، هەشت هەفتەی دیکە هیچم بۆ خواردن نەبوو. دوایە دایانمە دەست چەند کەسێکی دیکە و ئەوانیش دەستدرێژییان کردەسەرم. ئەوان ناچاریان دەکردم هەموو جۆرە کارێکی "سێکسی"یان لەگەڵ بکەم.

بەڕێوەبەری "خانووی ئەمن" دەڵێ: لەڕاستییدا ئەو پوڵەی ئێمە بۆ کڕینەوەی "دایانا" داومانە، زۆربووە. ئەو دەڵێ: ئەگەر ئاشکرا نەبایە کە کڕیارانی "دایانا" خەڵکی دەرەوەن، دەتوانرا بە سەد دۆلار "دایانا" بکڕین.

لە کاتی وێنەگرتنی ئەم بەرنامەیەدا چەند دیمەنێکیشمان لە "قوڵەبنە" وێنەگرت کە نیشاندەدا چۆن ئازادانە لە شەقامەکاندا لەگەڵ بەرپرسانی پۆلیس قسەدەکا. بەرپرسانی ڕۆمانیی دەڵێن: هەرچی ئەوان کاردەکەن، بەڵام هێشتا بەرتیل و ریشوەخۆریی دەستی باڵایان هەیە.

"دایانا" دوای ئەو سەربردە تاڵە، هیوای بە داهاتوو هەر ماوە. ئەو بڕیاری داوە بۆ پەیداکردنی کار، چێشتلێنەریی فێربێ، بەڵکو بشتوانێ ژیانی هاوسەریی پێکبێنێ.

قاچاخچییەتیی بە ژنان بازرگانییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە و تا ئەو کاتەی هەژاریی و بێدەرەتانیی هەبێ، ئەو بازرگانییەش درێژەی دەبێ.

ئێمە بڕیارماندا کە دەبێ بزانین کڕینی کۆیلە بۆ هەموو کەس و لە هەموو جێیەک چەندە سانایە. بەرەو خوارووی بوخارست ڕۆیشتین و لە کەمتر لە نیو کاتژمێردا کەسێکمان پەیداکرد کە گوتی: دەتوانم ببمە دەڵاڵی کڕین و فرۆشی ژنە کۆیلەکان.

ئامانج لەو لێکۆڵینەوە هاوبەشە بریتی بوو لە تیشکخستنەسەر ئەو قوربانییانەی بەرگەی ئەو تاوانە دەگرن، ئەوەش بۆ وریاکردنەوەی بیروڕای گشتیی بوو.

ئەو بەرنامەی لە بیر و هزری ئێمەدابوو ئەوەبوو کە بتوانین بە نهێنیی هەموو ڕووداوەکە وێنەبگرین و تۆماری بکەین. یەکێک لە ڕۆژنامەوانەکان ڕۆڵی کەسێکی بیانیی(خاریجیی) دەگێڕا کە نیازی کڕینی کچەکەی هەبوو. نواندنی ڕۆڵ وەک کەسێکی بیانیی کاری ئێمەی بۆ گەیشتن بە جیهانیی شوێنهەڵگران و قاچاخچیان و دەڵاڵەکان ئاسانتر دەکرد. کەسێکی بیانیی پێویستی بە وەرگێڕ هەبوو کە من ئەو کارەم وەئەستۆگرت.

بۆ دنیای ژێرزەمینیی، کە ئێمە پەیوەندییمان لەگەڵ بەستبوو، منیش یەکێک لەو کەسانە بووم ئامادەبووم لەو نێوەدا سوودێک وەرگرم و وەدوای کارەکانم کەوم.

بڕیاربوو دوو ڕۆژنامەوانی دیکە، بەبێ ئەوەی هەستیان پێبکرێ، وەدووی ئێمە کەون. بۆ ئەوەی ئەو دوو کەسە چاوەدێری ئێمە بن و جووڵە و هاتوچۆی قاچاخچییەکان بخەنە ژێرچاوەوە، ئەوان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا.

ئێمە نیگەرانی کەلوپەلی هاوکارەکانمان بووین کە بریتی بوون لە دووربین(کامێرا)ی شاراوە، تۆمارکەری دەنگ و ئەو سیمانەی نەدەبوو هیچکەس هەستیان پێبکا و بیانبینێ. هاوکات ناچاربووین هەر چەند سەعات جارێک شریتی ڤیدیۆ و پاترییەکان بگۆڕین کە ئەوەش بۆخۆی ڕێگربوو لە بەردەم جوڵەی ئازادانەی ئێمە و هێندێک جار دەبووە هۆی دەردەسەریی. یەکەمین هەنگاوی کاری ئێمە لەگەڵ شۆفیری تاکسییەک دەستی پێکرد.

من دەستم پێکرد: "سەلام هاوڕێ". " ئەم برادەرەی من خاریجییە و دەیەوێ ئەمشەو لەگەڵ کچان بەخۆشیی ڕابوێرێ. دەتوانی هاوکارییمان بکەی؟!". شۆفیرەکە وەڵامی دایەوە: "بێگومان، کاکە!. سواربن. من کچێک دەناسم کە بێگومان زۆر پێی ڕازی دەبن. ئەو لەوانە نییە کە لەسەر جادەکان کاردەکا. نا، کاکە! ئەو لە ئاپارتمانێکدا لەم نزیکانە و لە تەنیشت ستادیۆم دەژی. بۆخۆی مشتەرییەکانی هەڵدەبژێرێ. جوان و خاوێنە و سەعاتی هەشت سەد هەزار " لی" (٢٥ دۆلار) وەردەگرێ. بە برادەرەکەت بڵێ، ئەگەر ئەو کچەشی بەدڵ نەبوو، دەتوانین بچینە لای کچانی دیکە".

شۆفیرەکە ئاگای لەوە نەبوو ئۆتۆمبیلێکی تر کە ئەندامانی دیکەی تیمەکەمانی تێدابوو، بە دوامانەوەیە. ئەندامانی تری تیمەکە ئاگادار و وریای ئەوە بوون بارودۆخەکە تێکنەچێ و بەرنامەکەمان نەشێوێ.

بارودۆخەکە تێکنەچوو. شۆفیری تاکسیەکە زۆر خۆشحاڵ بوو لەوەی حەقی ئەوە وەردەگرێ کە بە شاردا دەمانگێڕێ، تەنانەت ئەگەر ئەو برادەرە خاریجییەشمان بە کچەکە ڕازی نەبوو. شۆفیرەکە هەر لەوە بەداخ بوو کە نەیتوانی ئەو دۆستە شوێنپێهەڵگرەی پەیدا بکا کە دەیتوانی کچانی دیکە پەیدابکا. دیاربوو مۆبایلی شوێنپێهەڵگرەکە کوژابۆوە.

دوای سەردانی چەند جێیەکی دیکە کە کچە کۆیلەکان کاریان لێدەکرد، بیرمان کردەوە بەشی پێویستی ئەو شەوە وێنەمان هەڵگرتۆتەوە، بەڵام شتێکی تازەی ئەوتۆمان چنگ نەکەوتبوو.

بوخارست تەنیا شێوەیەکی دیکەی گەڕەکی بەناوبانگی "سوور-ڕووناک"ی "ئەمستردام" بوو. ئێمە هەوڵماندەدا ئەو شۆفیرانە وەدەستبخەین کە کچانی لاو و کەمتەمەنیان پەیدادەکردن، بەڵام هەموویان دەیانگوت ئەوە کارێکی زۆر گران و ترسناکە.

لە ڕۆژەکانی دواییدا ئێمە هەمان شتمان لەگەڵ پاسەوانی چوار میوانخانە(ئوتێل)ی گرانبەهای بوخارست تاقیکردەوە. هەموو ئەوانە کچانی کۆیلەی لەشفرۆشیان نیشاندەداین و ئەگەریش کچەکانمان لەگەڵ خۆمان هێنابانە ئوتێلەکان، بە نرخێکی هەرزانتر لە نرخی ئاسایی، ژوورەکانیان پێدەداین. ئەو کچانە یان هەر لەوێ لە بار و بەشەکانی ئوتێلەکان بوون یان بە تەلەفۆن ئاگاداریان دەکردنەوە. پاسەوانەکان دەیانگوت: گرفت نییە ئەگەر کچانی بێگانە (مەبەستیان ئەو کچانە بوو کە ئەوان بۆ ئێمەیان نەدەدۆزیەوە) لەگەڵ خۆتان بێننەوە بۆ ئوتێل، بەڵام دەبێ پوڵی تەواوی ژوورەکە بدەن.

دوای چەند شەو، کاتی ئەوە هاتبوو لە شەقامەکاندا بە دوای ئەوانەدا بگەڕێین کە بە ئاشکرا کچەکانیان نیشاندەدان و کەسانی سەرەکیی و کلیلیی ئەو کارەبوون، واتە قاچاخچییەکان.

### قاچاخچییەکان

ئۆتۆمبیلی پۆلیس ڕاست لە بەرامبەر ئێمە ڕاوەستابوو. لەناکاو وامان هەستکرد کە بەدبەخت بووین. ئێمە دەمانزانی گەڕەکی "ماتاساری" لە نزیکی ناوەندی بوخارست، لە شەوانی هەینییدا پڕە لەو شوێنپێهەڵگرانەی کە لە ماڵەکانی خۆیانەوە کچە کۆیلەکانیان نیشانی مشتەرییەکانیان دەدەن. ئێستاش ئوتومبێلێک بە ژمارەی پۆلیسی ناوچەی-٨-ی بوخارست لەبەردەم ئێمە ڕاوەستاوە.

بەڵام سەرمان سوڕما کاتێک دیتمان شوێنپێهەڵگرەکانی شەقامی "پاخە پرۆتۆپیسچو" بە دیتنی پۆلیس، کە تەنها ١٥ میتر لە بەشی ئەولای پارکەکە بوون، سڵیان نەکردەوە و هەڵنەهاتن. وریایی ئێمە کاتێک زیاتر بوو کە دیتمان یەکێک لە ئوتۆمبیلەکانی پۆلیس هاتەخوار و چۆ نێو ئاپۆرەی شوێنپێهەڵگرەکان. ئێمەش ئوتۆمبیلەکەمان ڕاگرت. هەمان پیاو کە لە ئوتۆمبیلی پۆلیسەکان دابەزی، لە ئێمەی پرسی: ئەرێ کچی لەشفرۆشتان دەوێن؟.

"سەلام! دەتەوێ بۆخۆت یەکێک تاقی بکەیەوە؟!" "هەرزانە و ڕازییش دەبی. لە پۆلیس مەترسە. ئەوانە دۆستی منن".

**نووسینی:**

**پاوڵ کریستیان ڕادۆ-گوبی ڕادۆ**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە:**

**کوردستان**

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی"کانون زنان ایران"**



# کێ لە تۆپبارانکردنی گوندو ئاوایيەکانی کوردستان بەرپرسیارە؟!

لەم چەند دێڕەدا مەبەستم ئەوەنیە کە بڵێم کێ تاوانبارە لە تۆپبارانکردنی گوندو ئاواییەکانی کوردستان کە دەربەدەری و ئاوارەیی سەدان خێزانی باشووری کوردستانی لێکەوتۆتەوە، چونکە هەموومان دەزانین کە ئەوەی تۆپبارانمان دەکات، تاوانبارو شەڕانگێزەو مەبەستی کوشتنی مرۆڤی سڤیلە، ئەمەش زۆر بەئاشکرا دەبینرێ کە ناوە ناوە سوپای تورکیا و سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران لەخۆڕاوە دەست بە تۆپباران دەکەن و ڕەزو باخی وڵاتیان دەسووتێنن و خەڵکی دەڤەرەکە پەرتەوازە دەکەن.

من دەمەوێ بپرسم کە ئایا کێ بەرپرسیارە؟ ئایا ئەرکی حکومەتی هەرێم نیە کە داکۆکی لە سەروەری نیشتمان نیە؟! ئایا ئەرکی هەرە لەپێشی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزگاریکردن لە سنوورەکانی نیشتمان نیە؟!

بێگومان هەموومان هاوڕاین کە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی سەروەری خاکی نیشتمان بەدەنگ بێ، نامەی ناڕەزایی خۆی پێشکەش بەو لایەنە بکات کە سەروەری وڵاتەکەمان پێشێل دەکات، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی کەناڵەکانی دیبلۆماسیەوە حکومەتەکانی جیهان و ڕای گشتی وڵاتان ئاگادار بکاتەوەو داوایان لێبکات تا گوشار لەسەر تۆپ هاوێژەکان بکەن و ڕێگەیان پێنەدەن کە سەروەری نیشتمانەکەمان پێشێل بکەن، دەبێ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، بەتایبەتیش حکومەتی ئەمریکاو بەریتانیا لەسەر باشووری کوردستان و عێراق بە دەنگ بێن، چونکە ئەوان عێراقیان داگیرکردووەو ئەرکی داگیرکاریشە کە ڕێگە بە وڵاتانی دیکە نەدات کە سەروەری نیشتمانە داگیرکراوەکە پێشێل بکەن، بەڵام ئایا بۆچی ئەمریکاو بەریتانیا لەسەر باشووری کوردستان و عێراق بەدەنگ نایەن؟ ئەمە پرسیارێکەو دەبێ سەرکردەکانی کوردستان و عێراق وەڵام بدەنەوە.

هەموومان دەزانین کە تورکیاو ئێران گوندو ئاواییەکانی باشووری کوردستان بەبیانۆی هەبوونی گەریلاکانی پەکەکەو پژاک تۆپباران دەکەن، هەندێک لە چاودێران پێیانوایە کە دەوڵەتی ئیسرائیل لە بۆردومانکردنی دەڤەری قەندیل هاوکاری لەگەڵ هێزی ئاسمانی تورکیادا کردووە، هەندێک پێیانوایە کە ئەو فڕۆکانەی دەڤەری قەندیلیان بۆردومان کرد، فڕۆکەی ئیسرائیلیان لەگەڵ دابووە، چونکە هاوکات چەندین فڕۆکەی ئیسرائیل مانۆڕی سەربازیان لەئاسمانی تورکیا ئەنجام دەدا، ئەمەش بەهۆی تەسکی و بچووکی ئاسمانی ئیسرائیل، حکومەتی تەلئەبیب داوای لە تورکیا کردبوو کە ئاسمانی خۆی ڕادەست بکات، ئەنکاراش مەرجی بۆردومانکردنی دەڤەری قەندیلی لەسەر دانابوون.

هەرچەندە تائێستا هیچ بەڵگەیەکی ئاشکرا لەدەست دانیە کە فڕۆکەی ئیسرائیلی لە بۆردومانکردنی قەندیل بەشدارییان کرردبێ، بەڵام بێدەنگی ئەمریکاو وڵاتانی دۆستی ئیسرائیل لە بۆردومانکردنی قەندیل ئەو گومانە زیاتر دەکەن و گریمانی ئەوەمان پێشان دەدەن کە ئیسرائیل دۆست و هاوپەیمانی تورکیایە، تەنانەت شێوازی فڕێدانی کامێرای ڤیدیۆیی بۆ دیاریکردنی جموجۆڵی گەریلاکان لە دەڤەری قەندیل لە بەرنامەی سەربازی ئیسرائیل دەچێ.

وێڕای هەموو ئەوانەشەوە دەبێ لەخۆمان و لە سەرکردایەتی کوردستان بپرسین کە ئایا تا کەی ئەو بێدەنگیە درێژەی پێدەدرێ؟ کەی داوا لە خەڵکی کوردستان دەکرێ کە بڕژێنە سەر شەقامەکان و داگیرکاران ڕیسواو پرۆتیستۆ بکەن؟

ئەوەی کە خەڵکی کوردستانی نیگەران کردووە، نەک هەر بێدەنگی حکومەت و بەرپرسانی کوردستانە، بەڵکو نهێنی ڕێگری کردن لە ڕێپێوان و خۆپێشاندان ئاشکرا ناکرێ و ناخوێندرێتەوە.

حکومەتی هەرێم ئەگەر لەبەر ڕەوشی ناسکی عێراق و هەرێمەکە نایەوێ بۆخۆی ڕاستەوخۆ دژایەتی لەگەڵ تورکیاو ئێران دا بکات، خۆ دەتوانێ جەماوەری کوردستان بڕژێنێتە سەر شەقامەکان و ڕای گشتی عێراق و وڵاتانی دیکەی جیهان بوروژێنێ و سەرنجیان بۆ لای کێشەی کوردستان ڕابکێشێ، بەڵام خۆبواردن لەو کێشەیە نەک هەر چارەسەری ناکات، بەڵکو قوڵتری دەکاتەوە.

**ئارام محەمەد سەدیق**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com